## ناوەڕۆک


**٩ پێشەکی**

**٣١ بەشی یەکەم: سەبارەت بە ڕژێمی حەقیقەت و پەیڕەو**

**١٠٥ بەشی دووەم: سەرچاوە سەرەکییەکانی شارستانێتی**
١١٠ ١. مرۆڤایەتی لە چیدا قەرزداری کەوانەی تۆرۆس ـ زاگرۆسە؟
١٢٠ ٢. کێشەکانی پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوەی زمان و کلتووری ئاریان
١٣٥ ٣. شرۆڤە کردنی راست بۆ ئەو ژیان و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەی زادەی هیلالی بە پیتە

**١٦٣ بەشی سێیەم: کۆمەڵگای شارستانی شار ـ سەردەمی خوداوەندە دەمامکدار و پادشا داپۆشراوەکان**
١٧٠ ١. چۆن کۆمەڵگای سۆمەر شرۆڤە بکەین؟
١٩٤ ٢. راست شرۆڤە کردنی کۆمەڵگای شارستانی
٢٢٨ ٣. کێشەی پەلهاوێشتنی کۆمەڵگای شارستانی
ا ـ کێشەی پەلهاوێشتنی ئەو شارستانییانەی سۆمەر و میسر سەرچاوەیانن
ب ـ پەرەسەندنی کلتووری چین، هیند، هیندیە سوورەکان
ج ـ شارستانی گریک ـ رۆما و کێشەکانی پەلهاوێشتن
٢٩٥ ٤. قۆناخەکانی کۆمەڵگای شارستانی و کێشەکانی بەرخودان

تەنیا لەسەر ئەم پرەنسیپانە دەتوانرا کۆمەک بە تێکۆشانی ئازادی بکرێت و کەمتر ببیت بەئامرازی گەمەکە.

ئاشکرا بیڵێم چاوەڕوان بووم دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بڕیار بدات کە دەستگیرکردنم پێچەوانەی حقوقە و نایاسایی بووە. بەم جۆرە دەرفەتی دادگاییەکی عادیلانە بڕەخسێت. بە ناهەقییەکی روون و ئاشکرا ئەم بڕیارەیان نەدا. ئەوەی مایەوە: ناچار بوون بڵێن دادگایی کردنەکە عادیلانە نەبووە. بێگومان هەموو شتێک وەکو شانۆگەری لەبەرچاوان بوو. دوای هەڵاواردنێکی درێژخایەنی دۆزەکە، لە کاتێکدا ئێمە چاوەڕوانی دادگاییەکی عادیلانە بووین، کۆنسەی یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەکی یەکلایەنە و لە ئاکامی مامەڵە و سەودایەکی زۆر لەگەڵ حکومەتی تورکیا و لە میانەی بە دەست هێنانی دەسکەوتی سیاسی گرنگ بۆ خۆیان، هاوشێوەی حوکمی دادگای ئاسایشی دەوڵەتی جاران و دادگای سزای گرانی ژمارە (١١) ی ئەنقەرە و ژمارە (١٣)ی ئەستەنبوڵ کە تەواو شەرمەزارییەکی حقوقییە، ئەوانیش لەسەر هەمان دۆسییە حوکمیان دا. لەسەر ئەم بنەمایە تورکیا لەگەڵ کۆمیتەی وەزیرانی یەکێتی ئەوروپا رێکەوتن و دیسان دۆسییەکە بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا رەوانەکرایەوە. تا ئێستاش چاوەڕوانی هەڵوێستی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا دەکرێت. بە ڕاستی هەڵوێستی لە بەرامبەر بڕیاری خۆی دەرهەق بە دادگای عادیلانە جێگای مەراقە. لە کاتێکدا بەرگرینامەیەکی راستەقینەی حقوقیمان بۆ ئەم سەرلەنوێ دادگایی کردنە ئامادە دەکرد ئێمەیان ڤاڵا دەرخست. هەر بۆیە دادگایی کردنی حقوقی لە شانۆگەرییەک زیاتر تێپەڕی نەکرد.

مەسەلەیەکی تر کە لەم قۆناخەدا باشتر لێی تێگەیشتین: پەیوەندی چڕ و پڕ و رێکەوتنی ئەمریکا ـ یەکێتی ئەوروپا ـ کۆماری تورکیایە سەبارەت بە (PKK) و کەسایەتی من و تەواوی کێشەی کورد. تورکیا بەرامبەر بە سازشکردنێکی فراوانی ئابووری پێداگری لەسەر پاکتاوکردنی کێشەی کورد لەتورکیا و پشتگیرییەکی مەرجدار بۆ

و ڕەواییەکی گەورەی پێنەدرێت، گۆڕینی زهنی بە گوێرەی چاخی نویَ فەراهەم نابێت.

لە کاتێکدا سۆبژە فاکتەری هەرە سەرەکی و ڕەوای هزری ئەنالیتیکە، ئۆبژە فاکتەرێکی **"ماددی"**یە کە دەتوانرێت هەموو جۆرە خراپەکارییەکی لەسەر بکرێت. بە گووتەیەکی دیکە نوێنەرایەتی **"ئۆبژەکتیڤێتی"** دەکات. لەپێناو ئەم جیاوازییەدا شەڕی مەزن کراوە. نابێت شەڕی نێوان کڵێساو زانست تەنیا وەکو ململانێیەک لە بارەی **"ڕاستی"**یەوە ببینرێت. تێکۆشانێکی مەزنی کۆمەڵایەتی لەژێر ئەم شەڕەدا شاراوەیە. بە واتایەکی دیکە کێشمەکێش و ململانێی نێوان کۆمەڵگای کۆنی بارگاوی بە ئەخلاق و کۆمەڵگای سەرمایەداری ڕووت و داماڵراو لە ئەخلاق جێی باسە. مەسەلەکە تەنیا ململانێی نێوان زانست و کلێساش نییە. لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دوو شت پێکەوە جێی باسن، یەکەمیان سیستەمێکە بە درێژایی مێژووی خۆی پارێزگاری لە ویژدانی کۆمەڵگا کردووە، قۆستنەوە(استغلال) ی قەدەخە کردووە، نەفرەتی لێکردووە و بەگوناحی داناوە، دووەمیان پڕۆژەی نوێی سەرمایەدارییە بۆ کۆمەڵگا کە تا دوایی کۆمەڵگا بۆ چەوسانەوە و هەیمەنە دەکاتەوە و هیچ قەدەخە، گوناح و تاوانێک ناناسێت. **"هەڵوێستی ئۆبژەکتیڤ"** زاراوەی سەرەکی ئەم پڕۆژەیە.

لەژێر بۆچوونی **"ئۆبژێکتیڤ"**ێتیدا هیچ بەهایەک نییە، کە **"هزری ئەنالیتیک"** نەیخاتە ژێر نەشتەرگەرییەوە. نەک تەنیا ڕەنجی مرۆڤ، تەنانەت تەواوی سروشتی زیندوو و بیَ گیان دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەکرێنە موڵک. دەکرێنە بابەتی لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە، تا هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکیان ڕەوا بێت. بەدەر لە سۆبژە بژاردەکان هەموو شتێک وەکو میکانیک هەڵدەسەنگێنرێت، بێڕەحمانە دەخرێتە ژێر هەیمەنە و قۆستنەوەوە. تاک ـ هاووڵاتی ـ نەتەوە ـ دەوڵەت کە وەکو سۆبژەیەکی سەرەکی بەرامبەر کۆمەڵگا و سروشت خۆی ڕێکخستووە، ئەو **"دۆزینەوە نوێیانەن"** کە

دووەمیان، دەکرێت دەوڵەمەندترین نموونەی دوالیزمی زیندوو ـ بێ گیان لە مرۆڤدا ببینین. ئەو زیندووییەی لە مرۆڤدا هەیە لەناو ئەو بوونەوەرانەی دەتوانین بیان بینین پێشکەوتووترین تایبەتمەندی لە خۆوە دەگرێت. پێشکەوتنی زیندوویی لە مرۆڤدا گەیشتۆتە لووتکە. لە هەمان کاتدا بەشی ماددەش هاوتەریب و تێک هەڵکێش لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە زیندووییەدا لە پێشکەوتووترین ئاستدایە. سیستەمی ماددەی مێشک و پێشکەوتوویی زیندوویێتی تا ئێستاش پڕە لە نهێنی. سەبارەت بە مێشک زانست خاوەن زانیارییەکی زۆر سنووردارە. پەیوەندی نێوان لێهاتوویی ماددە لەبواری رێکخستنی مێشک و زیندووییەک کە توانای هزراندنی هەرە واتایی (ئەبستراکت) بەدەست هێناوە: کێشەیەکی گەورەی دۆزینەوەیە لە بەردەمماندا. کاتێک دەڵێین دەوڵەمەندی نموونە، مەبەستمان ئەم ئۆرگانە سەرسوڕهێنەرەیە. هەروەها ئۆرگانەکانی دیکەی جەستە لە سەرووی هەمووشیانەوە دڵ هەر یەکە سەربەخۆ پەرجوویەکن. با یەکسەر ئاماژە بەوەش بکەم کە لێکۆڵینەوە لە بارەی ئۆرگانەکانی مرۆڤ هێندە ئاڵۆزە ناتوانرێت تەنیا بۆ بواری پزیشکی بەجێ بهێڵرێت. دەبێت لە میانەی کۆبوونەوەی گشت لقەکانی زانست بکرێتە بابەتی لێتوێژینەوەی واتادارتر. بەجێهێشتنی مرۆڤ وەک دوالیزمی جەستە ـ رۆح بۆ گۆڕەپانەکانی دەروونناسی و پزیشکی گەورەترین نەزانییە و تاوانێکە لە ئاستی کوشتندا.

سەبارەت بە روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زیندوو ـ بێ گیان کە لە نموونەی مرۆڤدا پێویستە چاودێری بکەین، دەتوانین هەندێک گریمانە پێشکەش بکەین. بەر لە هەموو شتێک دەبێت ئەوە پەسەند بکەین، وەکو پۆتانسێل ماددە زیندووە. ئەگەر ئەم توانایە نەبوایە سیستەمی ماددە لە مرۆڤدا زیندوویێتیەکی پێشکەوتووی خاوەن سۆز و هزری لەگەڵدا نەدەبوو. لە میانەی تێگەیشتنێکی بەهێزترەوە چۆن بگەینە پۆتانسێلە زیندووەکەی ماددە؟ وەڵامی یەکەم، پێویستە دووالیزمی **"کێش کردن ـ پاڵنان"** لە سەرووی

گەردوون (جیهان)ی رووەکەکان خۆی بۆ خۆی پەرجوویەکە. هەر لە قەوزەیەکی سەرەتاییەوە تا دارمیوەیەکی سەرسوورهێنەر، هەر لە شوێنە بە چیمەن داپۆشراوەکانەوە تا گوڵێکی دڕکاوی هەبوونی جۆرەها ڕووەک هێزی تواناکارییەکانی زیندوویی پیشان دەدەن. بە تایبەتی گوڵێک کە بە ئەندازەی جوانییەکەی بۆ خۆ پاراستن دڕکاوی دەبێت، نەزانترین کەسیش لە شتێک ئاگادار دەکاتەوە. سەرنج راکێشترین لایەنی گەشەسەندن لە گەردووندا ئەوەیە کە قۆناخی دواتر ئەوەی پێشتر لەخۆوە دەگرێت، وەکو پارچە و ئەندامێکی دەوڵەمەندێتی دەیپارێزێت. بە جۆرێک کە دوایین رووەک پوختەی تەواوی رووەکەکانەو، وەک **"دایک"** درێژە بە هەبوونی خۆی دەدات. واتا هەر وەکو مەزەندە دەکرێت، گەشەسەندن لە ڕێگای لەناوبردنی یەکتر (داروینیزمی دۆگماتیک) ەوە بەدینایەت، بەڵکو لە ڕێی زیادبوونێکی دەوڵەمەند کراوەوە بەردەوام دەبێت. لە جۆرێکەوە بۆ جۆرە جیا جیاکان، لە قەوزەی سەرەتاییەوە بۆ هەمەڕەنگییەکی بێ کۆتایی گەشەسەندن جێگای باسە. پێویستە هەمەڕەنگی و زۆرێتی وەکو زمان و ژیانی رووەکەکان ببینرێت. ئەوانیش خێزان، خزم تەنانەت هەندێک جار دوژمنیشیان هەیە. بەڵام هەر جۆرێکیش بە گوێرەی خۆی بەرگریکردن وەکو پرەنسیپێک پەیڕەو دەکات. دەتوانین بڵێین هیچ بوونەوەرێک نییە بێ بەرگری بێت.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە پێویستە چاودێری بکرێت، توخمە زۆربوون[1] و ناتوخمە زۆربوونە[2] . لە کاتێکدا ناتوخمە زۆربوون گوزارشت لە دۆخێکی زۆر سەرەتایی دەکات، بەڵام توخمە زۆربوون بە واتایەکی تر زۆربوون لە ڕێی جووتبوونی نێوان رەگەزە جیاوازەکانی جۆرێکەوە پرەنسیپێکی زاڵە. نێرینەیی و مێینەیی لە هەمان یەکینەدا لە قۆناخە راگوزارییەکانەوە بۆمان ماوەتەوە. بۆ

١- Sexual Reproduction

٢- Asexual Rreproduction

زۆری لە دەرئەنجامی سەلماندنی باڵابوونی چۆنییەتی كوالیتی ژیان بە جۆش و خرۆشەوە پەسەندكراوە. هەڵوێستە تەسكەكانی میللیگەرایی سەبارەت بە مێژوو مەسەلەی تێگەیشتنی پەلهاوێشتنی كلتووری بە دۆخیكی بنبەست بوو گەیاندووە. نەكەوتنە ناو تەڵەزگەكانی میللیگەرایی كە لێشاوە راستەقینەكانی مێژووی شێواندووە، داپۆشیوە، نكۆڵی لێكردووە و زێدەڕۆیی تێدا كردووە، سەبارەت بە سیستەمی زانیاری و پەیڕەو بایەخێكی زۆری هەیە.

هـ - بەراوردكردنی كلتووری ئاریان و بنەڕەتی كلتوورە چینییەكان، دەشێت بابەتێكی سەیری لێكۆڵینەوە بێت. سەلمێنراوە كە چین لە ساڵانی ٤٠٠٠پ.زدا لە رووی كلتوورییەوە بە قۆناخی لەپێشینەی نیولیتیک گەیشتووە. ئەگەر بیر لەوە بكەینەوە كە لە هەمان مێژوودا كلتووری ئاریان لە ئەوروپاوە تا هیندستان گوازراوەتەوە، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین بۆ چینیش گواستراوەتەوە، ئەمە تێزێكی بەهێزە. شیمانەیەكی بەهێز ئەوەیە كە كلتووری چین لە ڕێگای كلتووری ئاریانەوە تێرخۆراک كراوە، بەڵام بە تایبەتی داخراوبوونی جوگرافیاكەی (كەنارەكانی رووباری زەرد) و هەلومەرجە مێژووییەكەی و پێكهاتەی تایبەت بە خۆی رۆڵی پێشەنگی بە پەرەسەندنی خۆجێیەتی داوە. مسۆگەر كاریگەری كلتووری ئاریان جێگای باسە. بەڵام تایبەتمەندی كلتووری خۆجێیی ڕێگای لە پێش شۆڕشێكی **"نیولیتیک"**ی بە گوێرەی خۆی كردۆتەوە. هەر وەكو چینی رۆژگاری ئەمڕۆمانە. هەر وەكو چۆن پێكەوەیی پەرەسەندنێكی گەورەی مێژوویی و هەلومەرجی جوگرافی و دیموگرافی ڕێگای لە پێش **"كۆمۆنیزم"**ێكی بە گوێرەی خۆی كردۆتەوە، ڕێگای لە پێش سەرمایەدارییەكی بە گوێرەی خۆیشی كردۆتەوە. تا كۆمۆنیزم و سەرمایەداری لەگەڵ كارەكتەری چین ئاوێتە نەبێت، نابێتە كۆمۆنیزم و سەرمایەداری چین. لە لایەک بەرخودانی بەهێز بەرامبەر دەرەوە، لە لایەكی ترەوە كاتێک لەمەدا سەركەوتن بە دەست نەهێنن، بە شێوەیەكی تۆكمە و خێرا كلتووری دژ پەسەند دەكەن، ئەمە تایبەتمەندی بنەڕەتی قەومە سەرەكییەكان (ژاپۆنیەكان، كۆرییەكان، توركەكان، مەغۆلیەكان، ڤێتنامیەكان .. هتد)ی

ئێراق کە ئەمڕۆ لەبەر چاوانە، بە شێوەیەکی ئاشکرا یان پەردە پۆشکراو بێت سامناکانە گەوهەری کۆمەڵکوژی تەواوی رژێمەکانی رۆژهەلاتی ناوین و هاوبەشێتییان لە تاواندا نەک تەنیا بۆ ئەوانەی لەناویدا دەسووتێن، بەڵکو پیشانی ئەوانەشی دەدات کە لە دەرەوە چاودێری دەکەن و هەستی پێدەکەن. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە لێگەڕینێکی واتاداری ژیانی ئازادیش جێگای باسە. یان ژیانی ئازاد، یان کۆمەڵکوژی، هەرگیز دوالیزمێک نییە، بەیەکەوە بژین. هەرگیز لە میانەی ژیانێکی بەم جۆرەوە نابینە هاوبەشی ئەم تاوانە. چۆن ئەم مێژوو و خاکەی رێگای لە پێش دەوڵەمەندترین واتای ژیان کردەوە، بەم رەوشە گەیشت؟ لە لایەکەوە شەڕی ئەو ئەتنیکانەی رێگایان لە پێش یەکەمین واتاکانی ژیان کردەوە، لە لایەکی دیکەشەوە شەڕەکانی لەژێر سەرکێشی دواترین گەورە خوداوەندی مۆدێرنیتە بەڕێوە دەبرێت؟ کەواتە باسکردنی بابەتەکە وەڵام دانەوە و پێشخستنی چالاکییەکەی دەکاتە ناچاری(ژیانی).

با تۆزێکیش بە زمانی ئەدەبی باسی تامی ژیانی هیلالی بەپیت بکەم. گوتنەکانم بە تێبینییەکی **"برادوای"** دەست پێدەکەم کە هەڵکۆڵینەکانی ناوچەی (چایئۆنو)ی دیاربەکری دەست پێکرد. گوتوویەتی: **"لە هیچ شوێنێکی دونیا ژیان هێندەی بناری کەوانەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ـ تورۆس واتادار نابێت"**. ئەو مرۆڤە کە لەناو کلتوورێکی زۆر دوور لێرە پێگەیشتووە ئەم گوتەیەی چی بە مرۆڤ دەڵێت؟ وەکو شوێنەوارناس و مێژووناسێک باش ئاگاداری شارستانییە. بۆچی واتادارترین ژیانی لەم گۆڕەپانە کلتوورییەدا بینی؟ لە کاتێکدا کە ئەوانەی ئەمڕۆ لەم ناوچەیەدا دەژین تەنانەت چل تەقلە بۆ کەمترین کرێی ئەورووپا لێدەدەن، هەر وەکو بڵێی لە دەرد و بەڵا رادەکەن ئەم خاکانە بەجێدێڵن. هەر وەک بڵێی هیچ پیرۆزی و بەهای جوانییان نەمابێت و جارێکی دیکە بەدەست ناکەوێت وەکو قەدەرێک پێشوازی لە کۆچ دەکەن؟

دەبێت دانی پێدا بنێم کە منیش لە قۆناخێکدا تووشی نەخۆشی

خانەدانێتی، باوکسالاری و باوکایەتی نیشانە و بەڵگەی نزیکبوونەوەیە لە کۆمەڵگای چینایەتی. لە کێشمەکێشەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتی راهیب، سوود لە هێزە سەربازییەکەشیان وەردەگرن و **"شۆڕشی سیاسی"** ئەنجامدەدەن. لە دەقەکانی سۆمەریدا چەندین شەڕ و سەراوژێر بوونی سیاسی لەم جۆرە دەبینرێت. **"سیستەمی دەوڵەتەکانی ئور"** کە دوای دەوڵەتشاری ئوروک ئاواکران کارەکتەری خانەدانێتییان هەیە. یەکەمین، دووەمین و سێیەمین سولالەی خانەدانێتی ئور جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەم پەرەسەندنە. بە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تیۆلۆژییانەی راهیبەکان، بەڕێوەبەرایەتی خانەدان سیستەمێکی عەلمانی و سیاسی دێنێتە بیری مرۆڤ. خوداوەندێتی نوێ ئاوادەکرێت. ئیتر راهیبەکان بوونەتە خاوەن پێگەی یاریدەدری رێبەری سیاسی. دیسان رۆڵی مەزنیان هەیە. بەڵام هێندەی دەچێت هێزی خۆیان لە دەستدەدەن، هەریەکە وەکو ئامرازی بەدەستهێنانی مەشروعییەت دەبن بەو پڕوپاگەندەچییانەی کە سیستەم پیرۆز دەکەن. خولقێنەرانی دەوڵەت، خوداوەندە دەمامکدارەکان، ئیتر بە پلەی دووەم و سێیەم بە دەست و پێوەندی پادشای داپۆشراو دادەنرێن. ئەو پادشایانەی لە راستینەی خانەدانێتییەوە هاتوون، بۆئەوەی قەڵغانی مەشروعیەتی چینی راهیبە داهێنەرەکانی دەوڵەت بەکاربهێنن، ئیتر لە راگەیاندنی **"پادشا ـ خوداوەند"**ێتی خۆیان دوودڵی ناکەن. رۆژ لە دوای رۆژ جیاوازی چینایەتی قووڵ دەبێتەوە و ژمارەی شارەکان زیاد دەبێت، بەم جۆرەش شێوەی کۆمەڵگای **"شارستانی سۆمەر"** هەمیشەیی بوونی خۆی دەسەلمێنێت و بەدەزگا دەبێت. نەریتی کۆنی خانەدانێتی رۆژهەڵاتی ناوین تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان هاتووە. پێشنەکەوتنی سیستەمەکانی کۆماری و دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناویندا لە نزیکەوە پەیوەندی بە دەوڵەتبوونی خانەدانێتی و راهیبەوە هەیە.

مۆدێلی کۆمەڵگای شارستانی سۆمەر بەلانی کەم هێندەی مۆدێلی نیولیتیک پێشکەوتنی شارستانی لە جیهان دەستنیشان کردووە.

بە هەموو جۆرە دڕندەیەک بچوێندرێت. بەڵام ئەمە هەڵوێستێکی زۆر دواکەوتوانەیە. بە تایبەتیش ئەگەر ناسنامەی پیاوی زانست (زانا)مان هەبێت، لە خەیاڵی مندالآنە (خەیاڵی جانەوەران) بەولاوە نامان بات. پشکنین و دەستنیشان کردنێکی بەهێزی دڕندەکەش بەس نییە. دەبێت بە پەلە تیمار بکرێت. تەواوی تاقیکردنەوەکانی تیمارکردن مایە پووچ بوون؛ راپۆرتی رەوشی دواییشی ئەوەیە: بە گوڕ خوێنی لێدەچۆڕێت، ژیانێکی پڕ لە مەترسی و کۆمەڵکوژی، خراپترین دۆخی برسێتی، بێکاری و هەموو جۆرێکی نەخۆشی و وێرانبوونی سیستەمی ژینگەیی ـ ئەو ژینگەیەی مسۆگەر بۆ ژیان پێویستە ـ یە. ئەگەر کۆمەڵناسی ئازادی و بونیادیی نەخوازێت ببێتە زبڵدان کە بەسەدان نموونەی جێگای باسە، دەبێت هێزی خۆی لە بواری دەستنیشان کردن و تیمارکردندا پیشانبدات و بیسەلمێنێت. لە رەوشێکی پێچەوانەدا هەر وەکو ئادۆرنۆ گوتوویەتی **"دوای سەربازگەکانی پاکتاوی نەژادی (جینۆساید) تاکە ووشەیەکیش نەماوە کە تەواوی خوداوەندەکانی ئاسمان ـ گووتەبێژی پیاوانی زانست ـ بیلێن"**.

شارستانی تەنیا مەراسیمی **"قەسابخانە خوێناوییەکان"**(هیگڵ) نییە، تەنانەت شتێکی لەمەش خراپترە؛ **جینۆساید کردنی بەردەوامی واتای ئازادیخوازییە کە تاکە هۆکاری ژیانی مرۆڤە. ئەوەی دەمێنێتەوە خڵتەی ژیانە. بە سادەترین دەستنیشان کردن شارستانی پاشماوەکانی ئەو ژیانەیە کە واتای ژیانی ئازادی لێبەدەر نراوە.**

کاتێک تەماشای ژیانی ساکارترین زیندوو دەکەین ئەوەی دەیبینین ئەو مانایەیە کە بە ژیانی دەبەخشێت. ئەمە واتایەکە کە دەتوانێت: بە ملیۆنان جۆر بگات، ریشەی خۆی لەناو بەرد دابکوتێت، پێویست بکات لە سەرماکانی جەمسەریشدا درێژە بە هەبوونی خۆی دەدات و تەنانەت دەفڕێت، بە هێزی پێشخستنی ئامراز (تەکنیک)ی بێ سنوور دەگات کە دۆزینەوەکانی مرۆڤ ناتوانێت بە کەناریشیدا تێپەڕ بێت. هەرچی کۆمەڵگای شارستانییە، هەر لە

بەو رادەیەی خوداوەند دەکرێت بە دەوڵەت، لە کەسایەتی چینی بەڕێوەبەریشدا وەکو هێزی چاودێر، بەڕێوەبەر و شکۆدار و خولقێنەری کۆمەڵگا بەردەوام واتادار دەبێت. بەڕێوەبەرایەتی چەندە تایبەتمەندی بەدەست بێنێت خوداوەندەکەشی لەو کەمتر نابێت. چەندە کۆمەڵگا بە فەزیلەت بەڕێوەببرێت، بەو ئەندایەزەیەش پەیوەندی بەڕێوەبەر بە ئیلاهیبوونەوە دەردەکەوێت و دەسەلمێندرێت. ئیتر دەستنیشان کردنی جیاوازی نێوان خوداوەند ـ بەڕێوەبەر لەلایەن بەڕێوەبراوەکانەوە ئاستەم دەبێت. میتافیزیکی خراپ پەیوەندی بەم پێشکەوتنانەوە هەیە. ئیتر ئیلاهیبوونی داهێنراو دەبێتە میتافیزیکی خراپ. لەم قۆناخە بەدواوە هەموو کۆمەڵگاکانی شارستانی هێزی ئەفسوونی ئایین و خوداوەند لە مەشروعکردنی بەڕێوەبەرایەتیدا دەدۆزنەوە و بەردەوام بەکاری دێنن. هەرچەندە خوداوەندی پیرۆزی زاوزێکردن و خولقێنەرەکەی جاران لە گۆشەیەکی هزر و سۆزی چەوساوە و بە مێگەلکراوەکاندا مابێت، ئەو ئایین و خوداوەندەی بووە بە دەوڵەت بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕێگای بەندە بەڕێوەبەرە خۆشەویستەکانیەوە رۆڵ دەبینێت.

پەیوەندییەکی شایستەی سەرنجدان لە نێوان ژمارەی خوداوەندەکان و شێوەی کۆمەڵگادا جێگای باسە. فرەخودایی چەمکی خوداوەندی ئەو سەردەمانەیە کە حوکمی یەکسانی تیرە جێگای باس بوو. کەم بوونەوەی ژمارە و پابەندکردنیان بە ریزبەندی گەورە بۆ بچووک لە نزیکەوە گرێدراوی پرۆتۆکۆلی بەڕێوەبەرە. پێ بە پێ هەڵکشان بۆ سەرۆکی خوداوەندان، گۆڕانکارییەکی پەیوەستە بە دەرکەوتنە پێشی یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانەوە. پەیوەندییەکی سەیر لە نێوان چەمکی ئایینی تاکخودایی نەبینراو و بێ وێنە لەگەڵ بە دەزگابوونی دەوڵەت و دابڕانی لە وابەستەیی بە کەسەکانەوە و بە دەزگابوونیان هەیە، کە تا بڵێی واتادارە و بۆ شیکردنەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. لەم لایەنەوە کارکردن لەسەر تیۆلۆژی دەشێت ڕێگا لە پێش رۆشنبوونەوەیەکی واتادار بکاتەوە.

پێ بە پێ کەم جێگرتنی خوداوەند لە هێزی بەڕێوەبەرایەتیدا، لە کاتێکدا لەلایەکەوە کەوتنی دەمامکەکانێتی، لەلاکەی دیکەشەوە روون بوونەوەی واتای دەوڵەتە و ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە دەوڵەت گوزارشت لە بەرژەوەندی کێ دەکات. لە دەستدانی رۆڵی ئایینە بۆ بە دەستهێنانی مەشروعییەتێکی پێویست و بەهێز. سەرباری ئەم پێشکەوتنانە کۆمەڵگای شارستانی بەلانی کەم هێندەی زۆرداری کاریگەری ئایینی بۆ بەدەستهێنانی مەشروعییەت بەکارهێناوە. بە دەوڵەتکردن و تایبەتیکردنی ئایین شانبەشانی کۆمەڵگای شارستانی بەڕێوە دەچێت. بە تایبەتیش لە رووی پێشکەوتنی بەڕێوەبەرایەتییەکەیەوە. ئەم رەوشە جیابوونەوەی مەزهەبەکان و پێکدادانەکانی ئایینیش روون دەکاتەوە. پێکدادانی شارستانییەکان، واتا پێکدادانی ئایین و مەزهەبەکان. لە پێشەوە پێکدادانەکان بە ناوی ئایین و مەزهەبەکانەوە دەکرێن تا تەواوی کۆمەڵگا بەشداری پێکدادانەکان بێت. شەڕە مەزن و درێژخایەنەکانی شارستانی بەردەوام لەژێر پەردەی پێکدادانی ئایینە مەزنەکاندا بەڕێوەبراوە. شەڕەکانی لەژێر ناوی ئایینەکانی ئیسلام، کرستیان و موسەوی بەڕێوەبراون پەیوەندی بە بوونە هێزی پێشەنگ لە شارستانی رۆژهەلاتی ناویندا هێندە ئاشکرایە پێویست بە پەردەپۆشکردن ناکات. کاتێک وەکو ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت راگەیەنران ئاشکرایی گەیشتە ئاستی هەرە بڵندی خۆی. هەر وەکو دەبینرێت دوای هەر گەیشتنە لووتکەیەک، گرنگییەکەشیان کەم دەبێتەوە. مەزهەبگەرایی رکابەر بەردەوام بۆتە بەیداخی هەڵوێستی یاخیبوونی ئەو کۆمەڵگا مارژینالانەی لە دەرەوەی کۆمەڵگای شارستانیدا ماونەتەوە. تاڕادەیەکیش رەنگدانەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکانن. لە رۆژگاری ئەمرۆماندا لەگەڵ ئاواکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەی سەرمایەداریدا بوونەتە مەزهەبێک و بۆ جۆرێکی میللیگەرایی گۆڕاون. ئەم جارە لەژێر ئەم کیسوە[1] یەدا دیسان رۆڵی بوون بە دەمامک دەبینن.

١ـ ئەو بەرگە سپییەیە کە حاجیان لە کاتی حەجدا لەبەری دەکەن، ئیحرامیشی پێدەڵێن.

فەلسەفەوە بەدیهێناوە.

هزری فەلسەفی کە لە کۆمەڵگاکانی رۆما و یۆنان رۆڵێکی سنورداری دەبینی، لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەوروپادا شۆڕشێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی. لێرە هاوشێوەی ئاڵۆزی ئایینەکان، هەمان پێشکەوتن لە ئاڵۆزی فەلسەفیشدا دەبینین. وەکو پێویستییەکی سیستەم زەق بوونەوەی بەرژەوەندییە چینایەتی و نەتەوەییەکان لەم قۆناخە نوێیەی شارستانیدا رۆڵی لەم ئاڵۆزییەدا مەزنە. کاتێک لە رێگای شەڕ و پێکدادانە ئایینییەکان ناکۆکییەکان چارەسەر نەکران، کارێکی زیاتر کەوتە سەر شانی فەلسەفە. ساڵانی ١٦١٨ ـ ١٦٤٩ سەردەمی دوا شەڕە ئایینیەکانە. هەمان سەدەی حەڤدەهەمین سەردەمی شۆڕشی فەلسەفییە. فەلسەفە کە رۆڵێکی بەرپرسیارانەی لە کۆمەڵگای یۆنان و رۆمادا بینی، لە کۆمەڵگای شارستانی نوێدا دەبێتە شێوەی ئایدیۆلۆژی پێشەنگ. قوتابخانەی مەزنی فەلسەفی سەرهەڵدەدەن. لەلایەکەوە **"مردنی خوداوەند"** رادەگەیەنرێت، لەلایەکی دیکەشەوە سەری پادشا داپۆشراوەکان دەپەڕێنرێت. ئیتر قۆناخی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان دەست پێدەکات کە دەوڵەت ـ نەتەوەی ئیلاهیکراو جگە لە پادشای رووت هیچ شتێکی دیکە نییە.

شۆڕشی نیولیتیک لە بواری هونەریش رێگا لە پێش شۆڕش دەکاتەوە. دوای هێڵکارییە سادەکانی دیواری ئەشکەوتەکان، قۆناخ پڕ لە وێنە و شێوەکانی دایکە ـ خوداوەند دەبێت. یەکەمین بابەتەکانی هونەر ئەم وێنە و شێوانەن. ئەمەش بە بنەچەی پەیکەرسازی دادەنرێت. لەگەڵ دەست پێکردنی کۆمەڵگای شارستانی وێنەکانی خوداوەند و بەڕێوەبەرەکان لەناو یەکتریدا نەخش دەکرێن. لە ئەنجامی زیادبوونی جیابوونەوەی چینایەتی و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی بە ئەندازەی دەوڵەت رێگا لە پێش بە دەوڵەتیکردنی هونەریش دەکرێتەوە. بە تایبەتی لە هونەری میسر، چین و هیندستاندا خوداوەند، پادشا و راهیبەکان بۆ پیشاندانی

تێپەڕی، دەکرێت بە شێوازی پۆپ[1] و پیشەسازی کلتووری، بەم جۆرە ئەفسوون و پیرۆزی سەرەتا لە دەستدەدات، وەکو هونەرەکانی دیکە بە شێوەی کاڵای ساکاری بەکاربردن رووبەڕووی لەناوچوون دەبێتەوە.

جیاوازی **"چاک ـ خراپ"** لە ئەخلاقدا گرێدراوی پارچەبوونی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی کۆمەڵگای شارە. لەلایەکەوە مەودای نێوان گروپەکانی بەرژەوەندی روون دەکاتەوە، بە گشتیش گوزارشت لە جیاوازی کۆمەڵگای باش و کۆمەڵگای خراپ دەکات. گەوهەرەکەشی کۆمەڵگاگەراییە. وابەستەبوون بە کۆمەڵگا گوزارشت لە ئەخلاق (رەوشت)ی باش دەکات، دوورکەوتن لە کۆمەڵگا و ناکۆکبوون لەگەڵ بەهاکانیدا گوزارشت لە خراپی دەکات. بونیادی کۆمەڵگا هەر لە سەرەتاوە خاوەن کارەکتەرێکی ئەخلاقییە. واتا لەسەر بنەمای دڵخوازی و پیرۆزییەوە گرێدراوی رێساکانی سیستەمی نوێن. یەکەمین "**دەستووری بنەڕەتی کۆمەڵگا**" رێسا ئەخلاقییەکانیەتی. ئەخلاق لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگادا هەیە. هەر کۆمەڵگایەک بناخەی ئەخلاقی خۆی لەدەستبدات لە پەرتەوازەبوون رزگاری نابێت. هەرچی رێساکانی کۆمەڵگایە لە گەوهەردا گرێدانە بە ناسنامەی کۆمەڵگا، هەبوونە ئیلاهییەکەی، زمان و ئەندامەکانی دیکەیەوە، بە جۆرێک کە هەر وەکو بڵێی یەک گیانە، تەنانەت کاتێک پێویست بکات لەپێناویدا مەرگیش رەچاو بکرێت. هەڵبەتە فڕێدانە دەرەوەی کۆمەڵگا یەکسانە بە مردن.

حقوق یەکێک لە داهێنانە گرنگەکانی کۆمەڵگای شارستانییە. مسۆگەر لەگەڵ پارچەبوونی کۆمەڵگا، جیابوونەوەی چینایەتی و بە دەوڵەتبوون دەکەوێتە رۆژەڤەوە. بناخەکەی ئەخلاقە. هەر وەکو چۆن بە دەوڵەتیکردنی پیرۆزییە ئایینییەکان رێگای لە پێش ئایینی دەوڵەت کردۆتەوە، بە دەوڵەتیکردنی ئەخلاقیش رێگای لە پێش حقوق کردۆتەوە. حقوق گوزارشت لە بنەماکانی رێسا ئەخلاقییەکانی

[1] ـ پۆپ کورتکراوەی پۆپیلەرە کە بە واتای ناسراو یان بەناوبانگ دێت. بە زۆری لە بواری مۆسیقا، شانۆگەری، سینەما و ئەجێندابیدا بۆ ئەو رووداو، بابەت و ئۆبژانە بەکاردێت کە لەناو خەڵکدا دەبنە جێی سەرنج.

زاناکانی ئەوروپا کە سەبارەت بە بابەتی پەیڕەو زۆر هەستیارن بە ئەندازەی ئەماتۆرێکی وەک منیش نزیکی شوێن و کات نابنەوە؟ بۆچی هێندە لێی بێ ئاگان یاخود لێی رادەکەن؟ واقیعیترین وەڵام بۆ روونکردنەوەی ئەم پرسیارە، ناوەندێتی ئەوروپا و گەردوونی بوونێتی. لەبەرئەوەی بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە لە میتافیزیایەکی قەبە رزگاریان نەبووە، لە راستیدا رۆڵ و بڕوایەکی وایان سەبارەت بە خۆیان هەیە کە کۆمەڵگایەکی میتافیزیکی بەم جۆرەیان ئاواکردووە.

ئەمە لە کاتێکدا کە مێژوو و شوێن (جوگرافیا) خستنە ناو کۆمەڵناسییەوە، واتای چۆنییەتی تەوژم و ئاراستەگرتنی ئەو ژیانەیە کە پەیدا دەبێت، واتا ئەوەیە کە لە مێژوو و ئێستادا چین. ئەگەر مێژوو و ئێستا زۆر لە یەکتر نزیکن، شوێنەکانیش وەکو سەکۆکانی پلیکانەیەک بە دوای یەکتر یەکدی تەواو بکەن، ئەو کاتە باشتر شرۆڤە دەکرێت کە ئەگەر قەوم، ئایین، دەوڵەت، نەتەوە، هاوپەیمانێتی، نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنتەرناسیۆنالەکانیش نەبن، مرۆڤایەتی باشتر لەناو یەکێتی و یەکپارچەییدا دەژی. کەواتە ئەو دەزگایانەی گوایە لە یەکێتی دەگەڕێن، تەواو پێچەوانەکەی پێکدێنن. کۆمەڵگای شارستانی هەبوونێکی سەیرە. تایبەتمەندییەکی بەم جۆرەی هەیە کە هەر شتێک بڵێت پێچەوانەکەی راستە. لە دۆخێکی وەهادا، بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین پێویستە بەردەوام کۆمەڵگای شارستانی بە پێچەوانەوە بخوێنینەوە.

ئەم پێشەکییەم بە ئامانجی سەرنج ڕاکێشانە سەر چۆنییەتی شرۆڤە کردنی پەلهاوێشتنی شارستانی لە رووی رەهەندەکانی کات و شوێنەوە پێشخست.

## ا- کێشەی پەلهاوێشتنی ئەو شارستانییانەی سۆمەر و میسر سەرچاوەیانن

ئەو باسەی سەبارەت بە دەزگابوونی نیولیتیک (چاخی بەردینی

موسا و عیسا کەسایەتییەکی نادیار نییە. چەندین تایبەتمەندێتی دەناسرێت. خودی **"قورئان"** کە پەیامەکەیەتی قەومێک، تیرە یان چینێکی تایبەت خیتاب ناکات، ئامانجی تەواوی مرۆڤایەتییە. ووشەی **"ئەڵڵا"** کە زاراوەیەکە هەرە زێدە لە قورئاندا باس دەکرێت، لە راستیدا پێویستە بابەتی سەرەکی کارەکانی تیۆلۆژی (ئیلاهیات) بێت. حەزرەتی محەمەد لەژێر کاریگەری قووڵی ئەم زاراوەیەدایە. وەکو **"رەب"**ی واتا ئەفەندی تەواوی جیهان هەڵیدەسەنگێنێت. ئەم ووشەیە لە پەرتووکی پیرۆزدا زۆر باس دەکرێت. ووشەی ئەڵڵا کە زاراوەیەکی هێندە مەزنە، لە رووی کۆمەڵناسییەوە ئەو توانایەی هەیە کە ئیلاهیبوونی سروشت و ئیلاهیبوونی کۆمەڵگا بکات بە یەک. ئەو ٩٩ سیفەتەی لەخۆوەی دەگرێت گوزارشت لە کاریگەری یەکبوونی هێزەکانی کۆمەڵگا و سروشت دەکات. ئەو بابەتانەی مەنسووبەکان خوازیارن وەکو **"یاسا و فەرمانی ئەبەدی"** تێیبگەن تا دوا ڕادە لێڵە. بە ئەندازەی کاتیبوونی سیفەتە بە ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی، هەموو دیمەنێکی سروشتیش بەهای یاسایی نییە، چونکە خودی یاساگەرایی ئەنجامێکی زێدەڕۆیی ڕێساخوازی هۆزگەرایی یەهودییەکانە. بەردەوام لەناو کۆمەڵگاکاندا قورسایی کۆمەڵێک **"مەیل"** دەبێتە جێی باس. دواتر ئەم چەمکی ڕێساخوازییە لە کۆمەڵگای ئیسلامدا ڕێگا لە پێش مەحافەزەکارییەکی توند دەکاتەوە. لەوانەیە لەناو تیرەدا بۆ تێپەڕکردنی ئەنارشیزم یاساخوازی رەها لە رووی گەشەکردنی بە کۆمەڵگابوونەوە سوود بەخش بوو‌بێت، بەڵام کاتێک کارەکتەری خێرای پەرەسەندنی کۆمەڵگا رەچاو بکرێت، ئەوا لە خۆیەوە دەرک بە ترسناکی ئەم چەمکەی ئوممەت دەکرێت.

باوەڕی پتەوی حەزرەتی محەمەد بە ئەڵڵا هێزە میتافیزیکیەکەی دیاری دەکات. بەلانی کەم لە میانەی ناسینی هێزێکی لە خۆی بالاترەوە دووچاری نەخۆشی بە خوداوەند بوون نایە کە لە سۆمەرەوە تا دەگاتە رۆما ئاشنای بووین. کاتێک لەگەڵ ئەم شەڕە مەزنە بەراوردی بکەین کە لەپێناو ئیلاهیبوونی عیسا هاتە

